**بەش: یاسا**

**کۆلێژ: یاسا**

**زانکۆ: سەلاحەدین-هەلێر**

**بابەت: یاسای دەستووریی (تیۆری دەستور)**

**پەرتووکی کۆرسی قۆناغی (یەکەم)**

**ناوی مامۆستا: پ.ی.د. شاهو غفور احمد**

**ساڵی خوێندن: 2025/2024**

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | یاسای دەستوریی (تیۆری دەستور) |
| 2. ناوی مامۆستای بەرپرس | پ.ی.د. شاهو غفور احمد |
| 3. بەش/ کۆلێژ | یاسا/ یاسا |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: shaho.ahmed@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: 07504478439 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەك | تیۆری: (2) سەعات. |
| 6. ژمارەی کارکردن | (4) سەعات لە هەفتەیەك |
| 7. کۆدی کۆرس | DOL01COL102 |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | 2007: بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.<br>2011: ماستەر لە یاسای گشتی، زانکۆی نانت، فەرەنسا.<br>2012: بەدەستهێنانی نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر).<br>2015: بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ (مامۆستا).<br>2019: بڕوانامەی دکتۆرا لە یاسای دەستووریی، زانکۆی نانت، فەرەنسا.<br>2023: بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ (پرۆفیسۆری یاریدەدەر). |
| 9. وشە سەرەکیەکان | دەستوور، دادگای دەستووریی، نەریتی دەستووریی، شکۆمەندی |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

یاسای دەستووریی یەکێکە لە لقەکانی یاسای گشتی و بابەتێکی سەرەکییە کە لە بواری پسپۆڕێتی یاسا لە کۆلێژەکانی یاسا و ماف و زانستە سیاسیەکان لە زنکۆکاندا دەخوێندرێت، ئەم بابەتە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە لە

پسپۆڕێتی یاسا دەخوێنن و دواتر کاری یاسایی و ئەکادیمی دەکەن. ناوەڕۆکی ئەم کۆرسە گرنگی بە چەندین بابەتی سیاسی و یاسایی و دامەزراوەیی و دەوڵەتی دەدات. لە بواری سیاسی قوتابی ئاشنا دەکات بە سروشتی دەوڵەت و دامەزراوەکانی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی و دابەشکردن و کارکردنی دەسەڵاتە گشتییەکان، هەروەها گرنگی بە سیستەمی دیموکراسی دەدات لە وەرگرتنی دەسەڵات و پراکتیزەکردنی. لە ڕووی یاساییەوە باس لە بەها و شکۆمەندی دەستوور و پلەبەندی ڕێسا یاساییەکان و پێگەی دەستوور و یاسای ئاسایی لەو پلەبەندییە دەکات، هەروەها گرنگی بە ماف و ئازادی تاکەکان و ڕێزگرتن لێیان دەکات. یاسای دەستووریی گرنگی بە چۆنیەتی پارێزگاریکردن لە شکۆمەندیی دەستوور دەدات ئەمەش لەڕێگەی هەبوونی دادگایەکی دەستوورییەوە دێتەدی. لە کۆماری عێراق ئەم دادگایە بریتییە لە دادگای باڵای فیدراڵی کە لە چەند ساڵی ڕابردودا خەڵکی هەرێمی کوردستان زیاتر ئاشنای ناوەکەی بوونە و گرنگە قوتابیانی بەشی یاسا ئاشنای پێکهاتە و تایبەتکارییەکانی ئەم دادگایە بکرێن لەمیانەی وانەکانی بابەتی یاسای دەستووریی. هەروەها بابەتی دەستووری گرنگی بە چەندین بواری دیکەی دەستووریی دەدات کە گرنگن بۆ دەوڵەت و کارکردنی دامەزراوەکانی، وەك هەمواركردنی دەستوور، پەکخستنی دەستوور، و کۆتاییهێنان بە دەستوور.

## 11. ئامانجەکانی کۆرس

ئامانجەکانی خوێندنی بابەتی یاسای دەستووریی لە بەشەکانی یاسا بە شێوەیەکی گشتی بریتین لەمانەی خوارەوە:

- بەخشینی زانیاری پێویست بە قوتابی سەبارەت بە تیۆری دەستوور؛
- گەیاندنی زانیاری گرنگ و سەردەمیانە لەسەر چەمکی دەستوور و یاسای دەستووریی بە قوتابی؛
- ئاشناکردنی قوتابیان بە یاسای دەستووریی و سەرچاوەکانی و تایبەتمەندییەکانی؛
- ئاشناکردنی قوتابیان بە چەمکی شکۆمەندی دەستوور و چاودێری لەسەر دەستوورییبوونی یاساکان و چۆنیەتی هەموارکردن یان کۆتاییهێنان بە دەستوور؛
- خستنەڕووی گرنگی دەستوور لە ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتییەکان و گەرەنتیکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکان؛
- ئاشناکردنی قوتابیان بە گەشەسەندنی دەستووریی لە عێراق و بە تایبەت لە دوای دانانی دەستووریی ساڵی 2005؛
- ئاشناکردنی قوتابیان بە دادگای دەستووریی کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە چاودێری دەستووریی بوونی یاساکان و چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان دەسەڵاتە فیدرالییەکان و هەرێمی کوردستان.

## 12. ئەرکەکانی قوتابی

- ئامادەبوونی قوتابی لە وانەکان؛
- ئەنجامدانی ئەرکەکانی ماڵەوە؛
- پێشکەشکردنی بابەت یان سیمینار و نووسینی ڕاپۆرت پەیوەست بە بابەتە دەستوورییەکان؛
- خۆئامادەکردنی قوتابی بۆ کویزات و تاقیکردنەوەکان.

## 13. ڕێگەی وانە ووتنەوە

- بەکارهێنانی داتاشۆ و وایت بۆرد؛
- پشت بەست بە کتێب وەك سەرچاوەی سەرەکی وانەکان لەگەڵ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان بە نموونە و بەڵگەی کرداری و خستنەڕووی هەندێك سەرچاوە و بەڵگەنامەی پێویست؛
- ڕێگەدان بە قوتابی بە خستنەڕووی بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە پرسەکانی پەیوەست بە بابەتی وانەکان؛
- بەکارهێنانی شێوازی گفتوگۆ و پرسیارکردن.

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن

- **(10) نمرە:** بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، نووسینی ڕاپۆرت، ئامادەنەبوونی خوێندکار لە پۆلدا، بەشداری کردنی لە وانەکان، و کویزەکان؛
- **(15) نمرە:** تاقیکردنەوەی یەکەم؛
- **(15) نمرە:** تاقیکردنەوەی یەکەم؛
- **(60) نمرە:** تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ.

## 15. دەرئەنجامەکانی فێربوون

دەرئەنجامەکانی خوێندنی بابەتی یاسای دەستووریی لە بەشی یاسا بە شێوەیەکی گشتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- قوتابی زانیاری پێویست بەدەستبهێنێت لەسەر چەمکی دەستوور و یاسای دەستووریی؛
- قوتابی ئاشنا دەبێت بە سەرچاوەکانی دەستوور و و تایبەتمەندییەکانی و چۆنیەتی کارپێکردنی لەلایەن دامەزراوە گشتییەکانەوە؛
- قوتابی ئاشنا دەبێت بە گرنگی هەبوونی دەستوور لە هەر کۆمەڵگەیەك بۆ ئەوەی ماف و ئازادییەکانی پارێزراو بێت و دەسەڵاتە گشتییەکان بە ڕێك و پێکی کاری خۆیان ئەنجام بدەن؛
- قوتابی ئاشنادەبێت بە چۆنیەتی گونجاندن و کۆك بوونی یاساکان لەگەڵ دەستوور و سەرپێچی نەکردنی وچاودێری لەسەر دەستووریی بوونییان؛
- قوتابی ئاشنادەبێت بە ناوەڕۆکی دەستووریی عێراق ساڵی 2005، بە شێوەیەکی گشتی؛
- قوتابی زانیاری پێویست وەردەگرێت سەبارەت بە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە ڕووی مێژوویی و پێکهاتە و تایبەتکارییەکانییەوە.

## 16. لیستی سەرچاوە


- پ.د. سەرهەنگ حمید بەرزنجی و ئەوانی تر، یاسای دەستوری (تیۆری دەستور)، چاپی دووەم، چاپخانەی دانیشفەر، هەولێر، 2025.
- د. سرهنك حميد بەرزنجی، گشتگیر لە تیۆری دەستوور، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی، 2019.

- د.احسان المفرجي، نظرية الدستور، الطبعة الثانية، بغداد، 2007.
- حميد الساعدي مبائ القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق، دار الحكمة للطباعة والنشر، بغداد، 1990.
- د. سرهنك حميد البرزنجي، مقومات الدستور الديمقراطي وآليات المدافعة عنه، الطبعة الأولى، عمان، ار جلة للنشر والتوزيـع، 2009.
- دستور جمهوريه العراق لعام 2005.


| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|
| یەکترناسین و ناساندنی گشتی بابەتەکە | هەفتەی یەکەم 25/11/2024 |
| چەمکی دەستوور | هەفتەی دووەم |
| واتای دەستوور و سروشتی بنچینە دەستوورییەکان | هەفتەی سێیەم |
| شێوازەکانی دانانی دەستوور | هەفتەی چوارەم |
| جۆرەکانی دەستوور و پرەنسیپی شکۆداری دەستوور | هەفتەی پێنجەم |
| بنەمای شکۆداری دەستوور | هەفتەی شەشەم |
| جۆرەکانی شکۆمەندی دەستووریی | هەفتەی حەوتەم |
| تیۆری زەرورەت | هەفتەی هەشتەم |
| تاقیکردنەوەی یەکەم (15) نمرە | هەفتەی نۆیەم |
| چاودێری لەسەر دەستووریی بوونی یاساکان | هەفتەی دەیەم |
| چاودێری سیاسی | هەفتەی یازدەهەم |
| چاودێری دادوەری | هەفتەی دوازدەهەم |
| چاودێری دەستوورییبوونی یاساکان لە ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | هەفتەی سێزدەهەم |
| چاودێری دەستوورییبوونی یاساکان لە عێراق | هەفتەی چواردەهەم |
| هەموارکردنی دەستوور | هەفتەی پازدەهەم |
| قۆناغەکانی هەموارکردنی دەستوور | هەفتەی شازدەهەم |
| کۆتەکانی سەر دەسەڵاتی هەموارکردنی دەستوور | هەفتەی حەڤدەهەم |
| تاقیکردنەوەی دووەم (15) نمرە | هەفتەی هەژدەهەم |
| لەکارخستنی دەستوور | هەفتەی نۆزدەهەم |
| کۆتاییهاتنی دەستوورەکان | هەفتەی بیستەم |
| کۆتاییهاتنی دەستوورەکان | هەفتەی بیست و یەکەم |
| تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ (60) نمرە | هەفتەی بیست و دووەم |
| | |

| | |
|---|---|
| **18. بابەتی پراکتیك (ئەگەر هەبێت)** | |
| نیە! | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:**

چۆن دەکرێت دەستوور بە شێوازی نا دیموکراسی و لە ڕێگەی بەخشینەوە دابنرێت؟ ئەم بابەتە ڕوونبکەرەوە و بە بەڵگە پاڵپشتی وەڵامەکەت بکە.

ئەو شێوازە کلاسیکیانە چین کە دەگیرێنەبەر بۆ بنیاتنانی دەستورەکان؟ دەستنیشانیان بکە و بە تێروتەسەلی باسی یەکێکیان بکە.

**2. راست وچەوت: ئەمانەی خوارەوە هەڵبسەنگێنە و هۆکارەکەشی ڕوون بکەوە:**

- لە پێناسەکردنی دەستووردا لایەنگرانی پێوەری ڕواڵەتی بایەخ بە سروشتی دەقەکان و ناوەڕۆکەکانیان نادەن.
- هیچ سزایەکی نارێکخراو نیە بۆ پێشێلکردنی بنچینە دەستوورییەکان.
- بنەما دەستورییە گوێزەرەوەکان لە ناو دەستوری هەموو ووڵاتێك بوونی هەیە.

**3. <u>جیاوازی لەنێوان ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بکە:</u>**

- دەستور لە ڕووی زاراوە و دەستور لە ڕووی زمانەوانیەوە.
- دابی دەستوری ڕاڤەکار و دابی دەستوری تەواوکار.

**20. تێبینی تر**

/

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە لەلایەن هەریەکە لە بەڕێزان پرۆفیسۆر دکتۆر کمال سعدی و پرۆفیسۆر دکتۆر سەرهەنگ حمید بەرزنجی سەیرکراوە و پەسەند کراوە، ئەم بەڕێزانە چەندین ساڵ ئەزموونیان هەیە لە وتنەوەی بابەتی یاسای دەستووریی لە هەر سێ ئاستی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا.